# ڕۆژی گەل
# ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٧٣) یەکشەممە ٢٠٠٧/٤/٨


## ڕەوشی عێراق لەڤێتنام خراپترە

**هێنری کسینجەر** وەزیری پێشووتری ئەمریکا بەئاژانسی ئاسیۆشیدتپرێسی گوتووەکەرەوشی ئێستای عێراق لەڤێتنام زۆر خراپترە، سەرکەوتنی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق ریزپەڕو مەحاڵە، باشتروایەهێزەکانی ئەمریکا بەبەرنامەیەکی داڕێژراو و بەکاوەخۆ بکشێنەوە، لەڤێتنام شوێنی شەڕ دیاریکراو بوو ، بەڵام لەعێراق شوێن و پێگەی شەڕکەران نادیارە، لەوانەیەلەهەر کات و شوێنێکدا دووچاری تێکهەڵچوون ببنەوە، ئەمەش مەترسییێکی گەورەترە.

کاتی خۆی کسینجەر راستەوخۆ سەرپەرشتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لەڤێتنام کرد ، لەوانەیەهەمان بۆچوون هەبێ بۆ کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق .

# ئەو کەشتیەی کەلوپەلی کوردستانیان هەڵدەگرێ لە تورکیا دەستی بەسەر دادەگیرێ

ڕۆژی ٢٠٠٧-٤-٤ هەوڵەکان ئاشکرایان کرد کەدەوڵەتی تورکیا دەستی بەسەر کەشتییێکی کوریای باشووردا گرتووە کەچەک و پێداویستی سەربازی بۆ هەرێمی کوردستان بارکردبوو .

هەواڵەکان جەخت دەکەنەوە کە ئەو کەشتیە لە بەندەری ئیزمیر کاتێک زانراوە کە چەک و تەقەمەنی هەڵگرتووەدەستی بەسەر داگیراوە، هەرچەندەکوریای باشوور لەسەرەتادا بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو چەکانەبۆ ئەو هێزانەی خۆیانە کە لە هەرێمی کوردستان جێگیرن ، بەڵام زانیاریەکان وا رادەگەیەنن کە ئەو چەکانە لەسەر ئەدرێسی کەریم سنجاری وەزیری ناوەخۆ بۆ کاروباری هەرێم بەڕێکراوە ، ئەم بەڵگەیەش وەکو بیانۆ بەدەست تورکەکانەوەیەکە ئەو چەکانە نە بۆ هێزەکانی کوریای باشوور جێگیر لەهەرێمی کوردستان ونەبۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانن ، بەڵکو بۆ لایەنێکی کوردستانییە . تورکەکان دەڵێن ئێمە کەسێکی بەو ناوە ناناسین و پێویست دەکات لیکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکەین .

دوای ئەوەی کەشتیەکەراگیراو رێگەی پێنەدرا بەرەو شوێنی مەبەست بڕوات باڵیۆزی کۆریای باشوور لەلیدوانێکیدا رایگەیاند کە ئەو کەشتیەکەل و پەلی ئاسایی باکردووەو بۆ کۆمپانیایێکی تایبەت دەیبات ، بەڵام تورکەکان جەخت دەکەنەوەکەلەبەڵگەنامەکاندا نووسراوەهەولێر - کوردستان تا بۆ ئەربیل - عێراق نەگۆڕدرێ و باری کەشتەیەکەش بەباشی نەپشکێندرێ ،ڕێگەنادەن کەشتیەکەدرێژەبە کاروانی خۆی بدات و بەرەو لەنەگری دوایی بڕوات .

ئەوەی شیاوی باسەپێشتر راگەیاندنی لایەنەسیاسیەکانی هەرێمی کوردستان وایان بڵاوکردبووەکەئەو کەشتیەخۆراک و جلوبەرگی بۆ خەڵکی کوردستان بارکردووەو هیچ چەک و تەقەمەنی تێدا نیە. تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی بێلایەن راستی ئەو هەواڵەدژ بەیەکانەی سەر راست نەکردۆتەوە، بۆیە نازانرێ چارەنووسی کەشتیەکەبەچی دەگات ؟! ئایا کەشتیەکەئازاد دەکرێ یان نا ؟!

## وان : ٢٢٧ سەرهەڵگرتوو لەرەوشی سڕبووندا دەبینرێنەوە

**هەواڵەکان** : ٢٢٧ سەرهەڵگرتوو لەوانەی کەدەیانویست بە شێوەی نایاسایی سنووری تورکیا و ئێران ببەزێنن و بەرەو ئەورووپا بڕۆن ، لە رەوشی سڕبووندا کە زۆری نەمابوو گیان لەدەست بدەن ، دۆزرانەوە.

پۆلیسی تورکیا لە راپۆرتێکدا باس لەوەدەکات کەلە کوێستانەکانی نزیک گوندی "ئوغورلو"ی باشقەڵای شاری وان توانیویانە٢٧٧ کەسی سەرهەڵگرتوو ، ١٤٥ پاکستانی، ٤٢ بەنگلادیشی، ٤ ئەفغانی و یەک ئێرانی بدۆزنەوەکە لە ناو بەفردا قڕمابوون و بەهێواشی بەرەو مەرگ دەڕۆیشتن .

سەرەتای مانگی نیسانی ئەمساڵ هەواڵەکانی تورکیا ئاشکرایان کرد کەپۆلیسی ئەو وڵاتە٢٢٧ سەرهەڵگرتوویان لەمردن رزگارکردووەکەلەنێو بەفرو سەهۆڵی شاخەکاندا گیریان خواردبوو .

بەگوێرەی زانیاریەکان هەموو ئەو کەسانەی کەدەستگیرکراون هەنگاو بەهەنگاو رەوانەی وڵاتەکانی خۆیان دەکرێنەوە، بەڵام لەدەستپێکدا بۆ رزگارکردنی گیانیان هەندێکیان رەوانەی نەخۆشخانەکراون و ئەوانی دیکەش جلوبەرگ و خۆراکیان بۆ دابین کراوە.

## ئەمریکا دەرفەتی ڕێبەرایەتی جیهان لەدەست دەدات

**برزێزنسکی زبیگنیۆ** راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی جیمی کارتەر و بیرمەندی ناسراوی ئەمریکا کەپێشتر لەسەروبەندی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق هۆشیاری بەجۆرج بووش دابوو ، لەکتێبی ( دەرفەتی دووەم : سێ سەرۆک و قەیرانی هێزی ئەمریکای مەزن ) کەمانگی ئازاری ئەمساڵ لەوەشانی بەیسیک بووکس دا لەدوو توێ ٢٣٤ لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، پەنجەی تۆمەت بۆ هەریەکەلە جۆرج بووش و بیل کلتن و جۆرج دەبلیو بووش رادەکێشێ و بەوەتۆمەتباریان دەکات کەدەرفەتی یەکەمیان لەدەستدا تا ئەمریکا وەک هێزی تەکانەرۆڵی جیهانی خۆی بگێڕێ . ناوبراو پێیوایەکەبەدرەوشی لەعێراق و هەوڵدان بۆ فراوانکردنی بازنەی شەڕ و هێرش کردنەسەر ئێران مێژووی تەمەنی ئەمریکا وەک ڕێبەرێکی جیهان زۆر کورت دەکاتەوە .

ناوبراو نووسیەتی : ئەگەر رەفتاری فێرخواز لەسەر هەر سێ سەرۆک پەیڕەو بکرێ ئەوا جۆرج دەبلیو بووش دەرناچێ ، چونکەلەبواری دیبۆماسیدالەهەردووکیان بێتواناتر و ناشارەزاترە.

برزێزنسکی دەڵێ : ئەگەر وێنەی ئەمریکای ساڵی ١٩٨٩ لەسەروبەندی رووخانی دیواری بەرلین لەگەڵ ئێستادا بەراورد بکەین ، دەبینین ئەوێ رۆژێ لەلایەن زۆرینەی وڵاتانی جیهانەوەئەمریکا وەک هێزێکی تەکانەپەسند بوو ، بەڵام ئێستا هەستی دوژمنکارانەبەرانبەر ئەمریکا لەپەرەسەندن دایە. هەروەها ناوبراو شەڕی عێراق بەکارەساتێکی جیوپۆلەتیکی ناودەبات و پێیوایەکەهەڕەشەکانی تیرۆریستی گەورەتر کردۆتەوە، زەمینەی باشتر و لەبارتری بۆ پێگەیاندنی نەیارانی ئەمریکا فەراهەم کردووە، ئێستا جیهانیان بەچاوی درێژکراوەی کۆلۆنیالیزم لەئەمریکا دەڕوانن .

نووسەر لەبەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا دەنووسێ : تێکچوونی رەوشی ئەمریکا پێویستی بەچەندین ساڵ کارکردنی بەردەوام هەیەتا رەوایەتی و راستگۆیی وەک ڕێبەری جیهان بۆ بگەڕێتەوە، ئەمەش واتای ئەوەیەکەئەرک و کارەکانی سەرۆکی داهاتوو زۆر قورس و گران دەبێ ، دەخوازێ ئەو سەرۆکەشارەزاییێکی زۆری لەبواری دیبلۆماسی هەبێ تا رامیاری دەرەوەلەگەڵ گۆڕانکاریەکانی بگونجێنی بەتایبەتیش کەلەسەردەمی جیهانگیریدا دەژین .




## ئەوانەی گازی کیمیاویان بە سەدام دابوو ، ئاشکرا دەبن

**هەواڵەکان** : پارێزەرێکی سەدام حوسێن لە راگەیاندراوێکدا ناوی ئەو وڵاتانەی ئاشکرا کردووە کە چەکی کیمیاویان بە رژێمی سەدام فرۆشتبوو .

گیوڤانی دی ستێفانۆ کە خەڵکی ئیتالیایە دیاریکردووە کە لە سەردەمی شەڕی عێراق - ئێران هەریەکە لە ئەڵمانیا ، فەرەنسا ،ئیتالیا ،سوید ، هۆڵەنداو بەریتانیا چەکی کیمیاویان بە رژێمی سەدام فرۆشتووە ، بەو چەکانەش شاری هەڵەبجە ژەهرباران کراوە .

ستیفانۆ دووپات دەکاتەوە کە بەریتانیا گازی خەردەلی بە سەدام داوە تا دژی ئێران بەکاری بهێنێ . ناوبراو جەخت دەکاتەوە کە بەڵگەی تەواوی لەدەست دایە و بەوهۆیانەوە گەلێک نهێنی ئاشکرا دەکات .

ئەو پارێزەرە کە بەرگری لە تاریق عەزیزیش دەکات دەڵێ : ئەمریکا بەڵێنی بە تاریق عەزیز دابوو کە دوای مانگێک سەدام ئازاد بکات ، بەڵام بەڵێنی خۆی بەجێ نەهێنا و بۆ شاردنەوەی ئەو راستیانە فەرمانی بە حکومەتی عێراق کرد تا لە سێدارەی بدا .




## ڕۆژەڤ

لەسەردەمی شەڕی نێوەخۆدا وشەی حزبی ڕەسەن و نارەسەن بەمەبەستی خۆ دزینەوەلەدابینکردنی بودجەی حزبەکان هێنرایەئاراوە، ڕەسەن بەوانەدەگووترا کەبەشدارییان لەشەڕی نێوەخۆدا دەکرد و پشکیان لەداهاتی کوردستان پێدەدرا ، بەڵام ماوەیەک بوو ئەو وشەیەنەفرەتی لێکرابوو ، باسی لێوەنەدەکرا ، ئێستا لەدوای پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای پارتەسیاسیەکانی کوردستانەوەهەندێک بەرپرس بۆ پاساو دانەوەی ئەو کۆدێتایەی بەسەر دیموکراسیدا کراوە ، بۆ خۆدزینەوەلەو هاوێریەی لەنێوان حزبەکاندا کراوە، بۆ ڕەوایەتیدان بەو بازنەیەی کەبەدەورەی دەستەڵات دروست کراوە، وشەی حزبی ڕەسەن و نا ڕەسەنیان وەسەر زاران خستۆتەوە.

جارێ شتێک لەرامیارییدا نیەکەپێی بگوترێ ڕەسەن ، ئەوانەی بانگەشەی ئەو وشەیەبەمەبەستی حزبی دێرین بەکاردێنن، تەواو پێچەوانەی ڕەوتی گۆڕان و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین ، دەنا مرۆڤەکان نەوەدوای نەوەمافی خۆیانەرامیاری بکەن ، حزب و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری پێکبهێنن ، دەستەڵات بگرنەدەست و فەرمانڕەوایی بکەن ، ئەوانەی باوەڕیان وایەدەبی دێرینەکان مافی کارکردنیان هەبێ و لەلووتکەدا بمێننەوە، تۆزقاڵێک لەچەمکی رامیاری و تیۆرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگەتێنەگەیشتوون .

حزبی رزگاریی کوردستان لەیەکەمین ڕۆژ کە پێشنیاری پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای هێزەسیاسیەکانی کوردستان کرا ، رامانی خۆی دیارکردو هیوای خواست کەکۆدێتا لەسەر سیستەمی دیموکراسی نەکرێ ، بەسەر پەرلەمان و حکومەت باز نەدرێ و ئەو ئەنجوومەنەپێکنەهێنرێ ، هەرگیز داوای نەکرد بەشداری لەو ئەنجوومەنەدا بکات ، کاتێ پێکیشهات دیسانەوەبەنارەواو نایاسایی لێکدایەوە ، خەمی ئەوەی نەبوو کێ و چی بەشداری تێدا دەکەن . ئێستا ئەگەر هەندێ کەس بەشداربوونیان بەوشەی ڕەسەن بوون تێپەڕدەکەن ، دەبێ بەرسڤی ڕەسەن بوون بدەنەوە:

ئەگەر ڕەسەن بوون بەواتای پێشینەی خەباتی شۆڕشگێڕی لێکدەدرێتەوە، ئەوەحزبی رزگاریی کوردستان پێشینەی خەباتێکی پاک و بێگەری ئەوتۆی هەیەکەشانازی بە مێژووی خۆی و تێکۆشەرەکانی دەکات ، چونکە بۆ مانەوەی خۆی و گەورەبوونی پەنای بۆ دوژمنانی کوردستان نەبردووە، پێی لەبەرژەوەندی گشتی نەناوەو هەوڵی سامان کۆکردنەوەی نەداوە، لەشەڕی نێوەخۆ و هەڵوێست فرۆشیدا بەشداری نەکردووە.

ئەگەر ڕەسەن بوون بەواتای بەردەوامبوون لەسەر ناوێکی دیاریکراو تیۆریزەدەکرێ ، دەبێ بگوترێ کەهەندێ لایەن چەندین جار لەڕەندەدراون ، یەکگرتنیان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەکردووە، پەشیمان بوونەتەوە، هەڵگەڕاونەتەوەو پاشگریشیان بۆ خۆیان زیاد کردووە!

ئەگەر ڕەسەن بوون بەواتای ئەوەیەکەسەکان پێگەی خەباتیان هەبووە، ئەوەرزگاری لەپێشترە، چونکەئێستا مەدالیای ڕەسەن بوون بەهەندێ کەس و لایەن دەدرێ کەتا راپەڕین نەئاگایان لەکێشەی گەل و نیشتمان هەبوو ، نە مەیل و هەستی نیشتمانپەروەریشیان هەبوو !

ئەگەر ڕەسەن بوون لەواتای زۆری سەرمایەو زۆری بارەگا دەبینرێتەوە، دەبێ بگوترێ ئەو سەرمایانەبەنارەوا کۆکراونەتەوە، لەداهاتی نیشتمان دەرهێنراون و لەقوتی خەڵک گیراونەتەوە، بەبێ هیچ پێوەرێک دابەشکراون ، پڕ بەواتای وشەنارەسەنی و خاپاندنیان پێوەدیارە.

ئەگەر ڕەسەن بوون بەدڵسۆزی و پەرۆشی بۆ کێشەی گەل و نیشتمان لێکدەدرێتەوە، دەبێ بگوترێ ئەوانەی لەسایەی شەڕی نێوەخۆ ، لەپەنای هێزی دوژمنان ، لەداوێنی خۆسەپاندن و ڕەتکردنەوەی بەرانبەردا دڵسۆزی و پەرۆشیان بۆ گەل و نیشتمان هەوراز دەبەن ، هەرگیز لەگەڵ ڕەسەن بوون و دڵسۆزبوون و پەرۆشبوون بۆ کێشەی گەل و نیشتمان یەکناگرنەوە.

هەموو تاکەکانی کۆمەڵ ، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە مافی رامیاری کردنیان هەیە، مافی دەست ڕاگەیشتنیان بەهەواڵ و زانیاریەکان هەیە، مافی ئەوەیان هەیەلەئەرک و مافەکانی وڵاتی بوونیاندا بپرسنەوە ، مافی پێکهێنانی حزب و ڕێکخراوی سیاسی و جڤاکی و فەرهەنگیان هەیە، ئەمەش ڕەسەن و نارەسەنی تێدا نیە. ڕەسەن بوون تەنیا لەدڵسۆزی و پەرۆشی و خۆنەویستی بۆ سەرسەختتی کێشەی ڕەوای گەل و نیشتمان خۆی دەبینێتەوەو شێمانەی پێوانەکردنی هەیە.

## لەم ژمارەیەدا


ل٣
ئەردۆگان لەبن لادن ترسناکترە!

ل٥
نزار خەزرەجی حەوت رۆڵەی شاری هەڵمەتو قوربانی گوللەباران دەکات!

ل٧
یاری بەئاگر دەکرێ !